**کۆماری یۆنان**

وەزارەتی کۆچ و پەنابەری

**ΕΛΛΗΝΙΚΗ ΔΗΜΟΚΡΑΤΙΑ**

Υπουργείο Μετανάστευσης & Ασύλου

# خاڵە گرنگەکان لە ڕێکارەکانی پەنابەریدا

هەر هاووڵاتییەکی وڵاتانی سێیەم یان کەسێکی بێ ڕەگەزنامە مافی ئەوەی هەیە داوای مافی پەنابەری بکات. دەستڕاگەیشتن بە ڕێکارەکانی پەنابەری بەخۆڕایی و کراوەیە.

## 1 . داواکاری پەنابەری یان داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی

پەناخوازانی پەنابەری یان پاراستنی نێودەوڵەتی

داواخوازان بۆ پەنابەری یان بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی بریتین لە هاووڵاتیانی وڵاتانی سێیەم یان کەسانی بێ ڕەگەزنامە، کە داواکاری بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی، بۆ جاری یەکەم یان جاری دووەم، پێشکەش بە دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان دەکەن. دەسەڵاتدارانی یۆنانی دوو جۆری پاراستنی نێودەوڵەتی دابین دەکەن: پێگەی پاراستنی پەنابەری و پێگەی پاراستنی یاریدەری.

پێگەی پەنابەری بە هەرکەسێک دەبەخشرێت کە ناچار بووبێت وڵاتی ڕەچەڵەکی بەجێبهێڵێت، یان لە حاڵەتی بێ ڕەگەزنامەییدا وڵاتی نیشتەجێبوونی پێشووی خۆی بەجێبهێڵێت، و نەتوانێت یان نەخوازێت بگەڕێتەوە بەهۆی ترسی چەوساندنەوە لەسەر بنەمای ڕەگەز، ئایین، نەتەوە، بیروباوەڕی سیاسی یان ئەندامێتی لە گرووپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا.

پێگەی پاراستنی یاریدەری دەبەخشرێتە هەموو ئەو کەسانەی کە مەرجەکانی سەرەوەیان تێدا نییە تا وەک پەنابەر بناسرێن، بەڵام لەو کەسایەتیەدا هۆکاری بنەڕەتی هەیە کە لێیەوە دەردەکەوێت کە لە وڵاتی ڕەچەڵەکیدا یان شوێنی نیشتەجێبوونی پێشوویدا مەترسی تووشبوونی بە زیانێکی گەورە هەیە، بەتایبەتی لەبەرئەوەی مەترسی لەسێدارەدان یان سزای لەسێدارەدان و ئەشکەنجەدان یان مامەڵەی نامرۆڤانە و ڕیسواکردنی لەسەرە، یان ژیانی یان سەلامەتی لە مەترسیدایە بەهۆی پێکدادانی چەکداری ناوخۆیی یان نێودەوڵەتی.

## لە کوێ داواکاری پێشکەش دەکرێت؟

دەسەڵاتە کارامە پەیوەندیدارەکان بۆ پێشکەشکردنی داواکاری سەرەتاییت بریتین لە ناوەندەکانی پێشوازی و ناسینەوە لە دوورگەکانی لێسڤۆس، خیۆس، سامۆس، کۆس، لێرۆس و ئێڤرۆس بۆ ئەو کەسانەی لەو خاڵانەوە دێنە ژوورەوە. ئەگەر تۆ داواکارییەکەت لەو خاڵانەی سەرەوەدا پێشکەش نەکردووە، لەجیاتی ئەوە، دەتوانیت لە ناوەندەکانی پێشوازی و ناسینەوە لە مالاکاسا و دیاڤاتا داواکاری پێشکەش بکەیت. دەسەڵاتە کارامە پەیوەدنیدارەکان بۆ پێشکەشکردنی داواکاری بۆ ناکامە بێ یاوەرەکان بریتین لە نوسینگە پەنابەرییە ناوچەییەکان و یەکەی پەنابەری سەربەخۆ.

داواکارییەکە بە شێوەی کەسی پێشکەش دەکرێت. ئەگەر ناوت تۆمار نەکرابێت، دەتوانیت لە پلاتفۆرمی ئەلیکترۆنی وەزارەتی کۆچ و پەنابەری وادەیەک وەربگریت بۆئەوەی لە ناوەندەکانی پێشوازی و ناسنامە لە مەلاکاسا و دیاڤاتا ناوت تۆمار بکەیت.

ئەگەر بەبێ ڕێکاری یاسایی هاتووبیتە ناو وڵات یان بەبێ ڕێکاری یاسایی لە یۆناندا دەمێنیتەوە، دەگوازرێیتەوە بۆ ناوەندی پێشوازی و ناسنامە، و ئەگەر بەڵگەنامەیەکت لە دامودەزگاکانی دەسەڵاتدارێتی نەبێت کە ڕەگەزنامە و ناسنامەکەت بسەلمێنێت، ئەوکاتە تۆ پابەند دەبیت بە ڕێکارەکانی پێشوازی و ناسینەوە. لەسەرت پێویستە لە دامەزراوەی ناوەندەکە بمێنیتەوە بۆ ئەو ماوەیەی کە پرۆسەی پشکنینی داواکارییەکەت دەخایەنێت، بە مەرجێک ئەم ماوەیە لە بیست و پێنج (٢٥) ڕۆژ زیاتر تێپەڕ نەکات.
بە تێکڕایی، ڕەنگە پشکنینی داواکارییەکەت لە بیست (٢٠) ڕۆژەوە تا شەش (٦) مانگ بخایەنێت.

## تۆمارکردنی داواکاری

تۆماری تەواوی داواکارییەکەت بریتییە لە زانیارییەکانی ناسنامە و وڵاتی ڕەچەڵەک و ناوی باوک و دایک و هاوسەر و منداڵەکانت و ناونیشانی ئەلیکترۆنی/ئیمیڵ ئەگەرهەتبێت، وردەکارییەکانی ناسێنەری بایۆمەتری، ئاماژەپێکردنێکی تەواو بە هۆکارانی داواکارییەکەت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی و ناونیشانی شوێنی نیشتەجێبوون یان نشینگە، و خواستنی ئەو زمانەی کە دەتەوێت داواکارییەکەت بەو زمانە پشکنینی بۆ بکرێت، هەروەها ئەگەر ئارەزوو بکەیت نوێنەرێکی ڕێگەپێدراو دیاری بکە.

دەکرێت پشکنین لە جەستە و شتومەکەکانتان بکرێت. دەکرێت ڕاسپێر بکرێیت بۆ پشکنینی پزیشکی.

کاتێک داواکاری پێشکەش دەکەیت، وەرگێڕێکی زارەکی لەوێدا ئامادە دەبێت بۆئەوەی یارمەتیت بدات لە پەیوەندیکردن لەگەڵ فەرمانبەرە پەیوەندیدارەکان بە زمانێک کە لێی تێدەگەیت لەپێناو ئاگادارکردنەوەت سەبارەت بە ڕێکارەکە و مافەکان و ئەرکەکانیشت وەک داواخوازێکی پاراستنی نێودەوڵەتی، هەروەها ئەو وادانەی پەیڕەون لە کاتی پرۆسەکەدا.

لە ڕۆژی پێشکەشکردنی داواکارییەکەتدا وێنەتان دەگیرێت و پەنجەمۆری خۆت و ئەندامانی خێزانەکەت لێ وەردەگیرێت کە تەمەنیان لە سەرووی چواردە (١٤)ساڵەوەیە. پەنجەمۆرەکان دەخرێنە ناو بنکەی ناوەندی ئەورووپی [ یۆرۆداک - EURODAC ]، و لەحاڵەتێکدا ئەگەر داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتییت پێشکەش کردبێت لە وڵاتێکی دیکەی ئەورووپی کە ڕێسای " دوبلن III " دوبلنی سێیەم پەیڕەو دەکات، ڕەنگە بگوازرێیتەوە بۆ ئەوێ تا پشکنینی داواکارییەکەت بۆ بکرێت.

ڕێسای " دوبلن III " دیاری دەکات کە کام لە دەوڵەتە ئەورووپییەکان کە پابەندن پێیەوە بەرپرسیارە لە پشکنینی داواکارییەکەت.
ئەو پێوەرانەی کە بەکاردەهێنرێن بە ڕیزی ئەو پلەبەندییەی خوارەوەن:
ئە) پەیوەندی خێزان، ب) هەبوونی ڤیزەی تازە یان مۆڵەتی مانەوە "نشینگە" لە وڵاتێکی ئەندام، و ج) چوونە ژوورەوەی یاسایی یان نایاسایی بۆ یەکێتی ئەورووپا.

پێویستە بەڵگەنامەکانی گەشتەکەت (بۆ نموونە پاسپۆرت) یان هەر بەڵگەنامەیەکی دیکە کە لەبەردەستتدایە کە پەیوەندی بە پشکنینی داواکارییەکەت و پشتڕاستکردنەوەی ناسنامەی خۆت و ئەندامانی خێزانەکەتەوە هەبێت، ڕادەست بکەیت.

ئەو زانیاریانەی کە دەدەیت سەبارەت بە داواکارییەکەت پارێزراون. فەرمانبەران ئەرکی نهێنی پارێزییان لەسەرە و ئەو زانیاریانەی کە لە کاتی پشکنینی داواکارییەکەتدا پێیان دەدەیت، ئاشکرا ناکرێت بۆ دەسەڵاتدارانی وڵاتی ڕەچەڵەکت.

دەتوانن پەیوەندی بکەن بە کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاڵپشتی پەنابەران ، یان لەگەڵ ڕێکخراوێک کە پشتیوانی یاسایی و هاوکاری پزیشکی و دەروونی پێشکەش دەکات.

ئەگەر تۆ قوربانی ئەشکەنجە و دەستدرێژی یان کردەوە توندوتیژە ڕژدەکانی تر بوویت، پێویستە دەسەڵاتدارانی لێ ئاگادار بکەیتەوە بۆئەوەی یارمەتیت بدەن.

لە کاتی ڕێکارەکاندا، تۆ مافی ئەوەت هەیە داوای هاوکاری لە پارێزەرێک یان ڕاوێژکارێکی دیکە بکەیت بە بژاردەی خۆت (بەبێ نێوەندگیری فەرمانگەی پەنابەری). لەم حاڵەتەدا پێویستە بە نووسراو ڕێگەپێدان بە پارێزەر یان ڕاوێژکار بدەیت کە داوای بینینی واژۆی ڕەسەنی خۆت لێدەکرێت بۆئەوەی بتوانێت لەکاتی چاوپێکەوتنەکەدا ئامادە بێت یان نوێنەرایەتی تۆ بکات لەبەردەم فەرمانگەی پەنابەریدا. دەستهەق و خەرجییەکانی پارێزەرەکەت یان هەر ڕاوێژکارێکی دی لە ئەستۆی خۆتە. لەسەر داواکاری تۆ، هەم خۆت و هەم پارێزەر و ڕاوێژکارە ڕێگەپێدراوەکان دەتوانن دەستتان بگات بە بەڵگەنامەکانی ناو فایلە کارگێڕییەکانت.

فەرمانگەی پەنابەری بەرواری چاوپێکەوتنت بۆ دیاری دەکات و بەرگەنامەی داواخوازی پاراستنی نێودەوڵەتی وەردەگریت کە دەتوانێت بەردەوام بێت تا یەک (١) ساڵ. پێویستە هەمیشە ئەم بەرگەنامەیە لەگەڵ خۆتدا هەڵبگریت. لە کاتی دەرکردنی بەرگەنامەکەدا کە لە شێوەی کارت دایە، ژمارە تۆماری باج ( ئافیمی - AFM )، و ژمارەی کاتی بیمە و چاودێری تەندروستی (بۆ بیانییەکان) پێدەبەخشین ( پایپا - PAAYPA ).

ئەگەر تۆ سەر بە گروپێکی لاوازیت بیت و چاوپێکەوتنەکەت لە ماوەی پانزە ڕۆژدا لەپاش پێشکەشکردنی داواکارییەکەتەوە دیاریکرابێت، فەرمانگەی پەنابەری کاتێکی پێویستت پێدەبەخشێت (تا ٣ ڕۆژ) بۆئەوەی بە باشی ئامادەکاری بۆ

چاوپێکەوتنەکە بکەیت و ڕاوێژ بە پارێزەرێک یان ڕاوێژکارێکی تر بکەیت بۆئەوەی لەکاتی پرۆسەکەدا یارمەتیت بدات. تۆ سەر بە گروپێکی لاوازی تایبەتیت ئەگەر ناکام/ قاصر بیت یان خزمێکی نزیکی قوربانیانی کەشتی نوقمبوو بیت (دایک و باوک، خوشک و برا، منداڵ، هاوسەر)، یان کەسێکی کەمئەندام بیت، یان کەسێکی بەساڵاچوو بیت، یان ژنێکی دووگیان بیت، یان خێزانێکی تەنها دایک یان تەنها باوک بیت لەگەڵ منداڵی ناکام، یان قوربانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە بیت ، یان کەسێک کە نەخۆشی سەختی ڕژدی هەیە، یان کەسێک کە کەمئەندامی هزری و دەروونی هەبێت، یان کەسێک کە تووشی ئەشکەنجە و دەستدرێژی یان شێوازێکی ناخۆشی تری دەروونی، جەستەیی یان توندوتیژی سێکسی، وەک قوربانیانی بڕینەوەی کۆئەندامی زاوزێ. دەتوانن داوا بکەن چاوپێکەوتن و وەرگێڕان لەلایەن کارمەندانێکەوە ئەنجام بدرێت لەو ڕەگەزەی کە تۆ ئارەزووی دەکەیت. داواکارییە پەیوەندیدارەکەت لەبەرچاو دەگیرێت لەلایەن فەرمانگەوە و ئەگەر ئەم توانایە هەبێت جێبەجێ دەکرێت.

## داواکاری لەدواتر بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی

داواکاری لەدواتر بریتییە لە دووبارە پێشکەشکردنەوەی داواکارییەک بۆ بەدەستهێنانی پاراستنی نێودەوڵەتی لە پاش بڕیاری ڕەتکردنەوەی کۆتایی لەلایەن پۆلیسەوە یان فەرمانگەی پەنابەرییەوە یان دەسەڵاتی تیاچوونەوە یان دوای کشانەوەی تۆ لە داواکاری پێشووت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی.

دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان بۆ پێشکەشکردنی داواکاری لەدواتر و پێشکەشکردنی ئەو زانیارییە نوێیانەی کە سەریان هەڵداوە بریتین لە فەرمانگەکانی پەنابەری ناوچەیی یان یەکەی پەنابەری سەربەخۆ کە دەکەوێتە نزیک شوێنی نیشتەجێبوونت. بۆ پێشکەشکردنی داواکاری لەدواتر، دەتوانیت لە پلاتفۆرمی ئەلیکترۆنی وەزارەتی کۆچ و پەنابەری وادەیەک وەربگریت. دوای پێشکەشکردنی داواکاری لەدواتر، بەرگەنامەی داواخوازی/ کارتی پەناخوازی پاراستنی نێودەوڵەتیت پێنابەخشرێت. فەرمانگەی پەنابەری ئەو زانیاریانە دەپشکنێت کە تۆ پێشکەشی دەکەیت و بڕیار دەدات کە ئایا نوێ و پێویستن بۆ داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی یان نا. تەنها ئەگەر داواکارییەکەی لەدواترت قەبوڵ بکرێت ئەوکاتە بەرگەنامەی داواخوازی پاراستنی نێودەوڵەتیت پێدەبەخشریت و داواکارییەکەت بەردەوام دەبێت لە پشکنینی لەلایەن فەرمانگەی پەنابەرییەوە.

ئەگەر فەرمانگە داواکارییەکە لەدواترەکەت ڕەت بکاتەوە، دەتوانیت لە ماوەی پێنج (5) ڕۆژدا وەک لە بڕیارەکەدا هاتووە کە پێتدراوە، داوای تیاهەڵچوونەوە تۆمار بکەیت بۆ بەردەم دەسەڵاتی تیاهەڵچوونەوە.

ئەگەر بۆ دووەمین جار داواکاری لەدواتر پێشکەش بکەیت، لە قۆناغی پێداچوونەوەی داواکارییەکەدا، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی تۆ لە دیپۆرتکردنەوە/گێڕاندنەوەت ناپارێزرێیت.

بۆ هەر داواکارییەکی دووەمین جار یان داواکاری داهاتووی لەدواتر، پێویستە پسوڵەیەک سێ سەد (300 یۆرۆ) لەگەڵ داواکارییەکەتدا پێشکەش بکەیت، کە لە ڕێگەی پرۆسەی پسولەی ئەلیکترۆنی (e-Παράβολο) ەوە دەدرێت. لە حاڵەتی خێزانێکدا، پێویستە بە جیا بۆ هەر ئەندامێکی خێزان بڕی ئەو پسولەیە پێشکەش بکرێت بە بەیەکسانی.

## 2. چاوپێکەوتنی پاراستنی نێودەوڵەتی

چاوپێکەوتنەکەت لەلایەن فەرمانبەرێکی کاربەدەستی فەرمانگەی پەنابەرییەوە ئەنجام دەدرێت، کە کارامایی گونجاوی هەیە، لەو ڕۆژ و کاتەی کە فەرمانگەی پەنابەری بۆت دیاری دەکات. پێویستە تەواو ڕاستگۆیانە وەڵامی پرسیارەکانی بدەیتەوە، تەنها ڕووداوە ڕاستەکان بە تەواوی پێشکەش بکەیت، و هیچ زانیارییەکی پەیوەست بە داواکارییەکەت مەشارەوە. ئەگەر ڕووداو و بانگەشەی نادرووست پێشکەش بکەیت ئەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر هەڵسەنگاندنی داواکارییەکەت دەبێت.

فەرمانبەرەکەی فەرمانگەی پەنابەری لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا پرسیارت لێدەکات بەتایبەتی سەبارەت بەو زانیاریانەی کە لە داواکارییەکەتدا باست کردون، و لەبارەی زانیارییەکانی ناسنامەکەت و چۆنیەتی هاتنت بۆ یۆنان و لەبارەی هۆکارەکانی جێهێشتنی وڵاتی ڕەچەڵەکت یان ئەو وڵاتەی کە تێیدا نیشتەجێبووی ئەگەر کەسێکی بێ ڕەگەزنامە بیت، هەروەها هۆکارەکانی ئەوەی کە بۆچی ناتوانیت یان ناتەوێت بگەڕێیتەوە بۆی. لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا دەتوانیت هەر زانیارییەکی تر زیاد بکەیت کە بە پێویستی دەزانیت.

بۆ هەر ئەندامێکی پێگەیشتوو/بالغ لە خێزاندا چاوپێکەوتنێکی بەجودا ئەنجام دەدرێت. سەبارەت بە منداڵە ناکامەکان/قاسر چاوپێکەوتنێکی کەسی ئەنجام دەدرێت بە لەبەرچاوگرتنی ئاستی پێگەیشتنیان و لێکەوتە دەروونییەکان

و ئەزموونە زەبربەخشەکان.

هەروەها وەرگێڕی زارەکی لە چاوپێکەوتنەکەدا ئامادە دەبێت. وەرگێڕانە زارەکیەکە بەو زمانە دەبێت کە تۆ لێی تێدەگەیت. دابینکردنی وەرگێڕانی زارەکی بەخۆڕاییە.

لە چاوپێکەوتنەکەدا دەتوانن پێکەوە لەگەڵ پارێزەرێک یان ڕاوێژکارێکی تر (پزیشک، دەروونناس یان توێژەری کۆمەڵایەتی) ئامادەبن، کە دەبێت ڕێگەپێدانی بە نووسراویان پێبدەن بۆئەوەی لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا ئامادەبن یان نوێنەرایەتیتان بکەن لەبەردەم فەرمانگەی پەنابەریدا. دەستهەق و تێچووی پارێزەر یان هەر ڕاوێژکارێکی تر دەکەوێتە ئەستۆی خۆت.

ئەوەی لە چاوپێکەوتنەکەدا دەیڵێیت دەپارێزرێت و لە هیچ بارودۆخێکدا لەگەڵ دەسەڵاتەکانی وڵاتی ڕەچەڵەکت هاوبەش ناکرێن. بەڵام دەکرێ لەگەڵ دەسەڵاتەکانی تری یۆنان هاوبەش بکرێن.

چاوپێکەوتنەکە دەنگـتـۆمار دەکرێت، فەرمانبەرەکە دەقێکی (کۆنووس) دەپۆلێنێت کە هەموو پرسیار و وەڵامەکانی چاوپێکەوتنەکە لەخۆدەگرێت. ئەگەر چاوپێکەوتنەکە تۆمار نەکرا، پێویستە بە هاوکاری وەرگێڕەکە دەقە نووسراوەکەی (کۆنووس)ەکە بپشکنیت و ناوەڕۆکەکەی پشتڕاست بکەیتەوە یان داوای ڕاستکردنەوە بکەیت و واژۆی لەسەر بکەیت. لەسەر داواکاری، دەتوانیت کۆپییەکی نووسراوی چاوپێکەوتنەکە یان تۆمارە دەنگیەکەی چاوپێکەوتنەکەت بەدەستبهێنیت. هەروەها دەتوانرێت چاوپێکەوتنەکە لە ڕێگەی ڤیدیۆتێلیفۆنی/ڤیدیۆکۆنفرانس ەوە ئەنجام بدرێت.

## 3. بڕیار لەسەر داواکاری بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی

دوای چاوپێکەوتنەکە فەرمانگەی پەنابەری بڕیار دەدات کە ئایا پێگەی پاراستنی پەنابەری یان پاراستنی یارێدەری پێدەبەخشێت یاخود داواکارییەکەت ڕەتدەکاتەوە. کاربەدەستی کەیس بڕیار لەسەر داواکارییەکە دەدات بە لەبەرچاوگرتنی لێدوانەکانت لە کاتی چاوپێکەوتنی کەسیدا، لەگەڵ ئەو زانیاریانەی کە تۆ پێشکەشت کردووە بۆ پشتڕاستکردنەوەی داواکارییەکەت و زانیارییە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بە وڵاتی ڕەچەڵەکت و هەموو ئەو زانیاریانەی کە لە فایلە کارگێڕییەکەتدا هەنە.

لەکاتی چاوەڕوانی داواکارییەکەتدا، دەتوانیت دەستبەردار بیت لێی.

ئەگەر داواکارییەکەت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی ڕەتکرایەوە، بڕیاری گەڕانەوەت بۆ دەردەچێت.

بەڵگەنامەی بڕیارەکەی کە بۆت دەنێردرێت، بەڵگەنامەیەکی زیاتری لەگەڵدایە کە بەو زمانەیە کە تـۆ تێیدەگەیت و بە شێوەیەکی سادە و ئاسانکار، ناوەڕۆک و لێکەوتەکانی بڕیارەکە ڕوون دەکاتەوە.

دەتوانیت بە شێوەی کەسی بڕیارەکەت وەربگریت، یان بە ڕێگەی پۆستێکی ڕاسپێردراو بۆ تـۆ (یان بۆ پارێزەرەکەت)، یانیش لە ڕێگەی پۆستی ئەلیکترۆنییەوە (بە ئیمێڵ) وەریبگریت.

ئەگەر داواکارییەکەت ڕەتکرایەوە، یان پێگەی پاراستنی یارێدەریت پێبدرێت و تـۆش پێتوابێت کە تۆ مافی پەنابەریت هەیە، ئەوکاتە مافی ئەوەت هەیە داوای تیاهەڵچوونەوە لە بەردەم دەسەڵاتی تیاهەڵچوونەوە (پلەی دووەم) دا تۆمار بکەیت. پێویستە داوای تیاهەڵچوونەوەکەت پێشکەش بە فەرمانگەی پەنابەری ناوچەیی یان یەکەی پەنابەری سەربەخۆ بکەیت کە بڕیاری ڕەتکردنەوەکەی دەرکردووە لە ماوەی ئەو مۆڵەتەی کە ئاماژەی پێکراوە لەو بڕیارەی کە وەرتگرتووە.

ئەگەر پێگەی پەنابەری یان پاراستنی یارێدەریت پێببەخشرێت، دەتوانیت مۆڵەتی مانەوە (نشینگە) و بەڵگەنامەی گەشتکردن (پاسپۆرت) ی کۆماری هێلینیکی / یۆنانی بەدەستبهێنیت.

## 4. **ئەوەی پێویستە بیزانیت لەبارەی بەرگەنامەی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی**

کاتێک داواکارییەکەت بە تەواوی تۆمار کرد، بەرگەنامەی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی وەردەگریت ( نوێکردنەوەی بەرگەنامەی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی – DADP) ، کە دەتوانێت لە سی (30) ڕۆژەوە تا یەک (1) ساڵ بەردەوامی بخایەنێت بەپێی ئەو پرۆسەیەی کە داواکارییەکەت تێیدا ڕەچاو دەکرێت.
نوێکردنەوەی بەرگەنامەی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی – ΔΑΔΠ ، ڕێگەت پێدەدات لە یۆنان بمێنیتەوە تاوەکو داواکارییەکەت پشکنینی بۆ دەکرێت. ئەگەر بڕیارێکی نەرێنی لەسەر داواکارییەکەت وەرگرت، ئەوا کارتەکەت کارایی نامێنێت.

دەتوانرێت بەرگەنامەکە بە شێوەی کارت دەربچێت بە تۆمارکردن و نوێکردنەوەی ئەلیکترۆنی.

پێویستە ئەم کارتە لە دۆخێکی باشدا بپارێزیت و هەمیشە لەگەڵ خۆتدا هەڵیبگریت چونکە دەیسەلمێنێت کە تۆ داواکاریت پێشکەش کردووە بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی.
بەرگەنامەی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی، ناونیشانێکی کاتییە کە چەند [ماف و ئەرکێکی](#) دیاریکراو دابین دەکات، بەڵام هاوتای [مۆڵەتی مانەوە (نشینگە)](#) نییە.

بەرگەنامە بەو کەسانە نادرێت کە دەستبەسەرن یان لە پرۆسەی پێشوازی و ناسینەوەدانە یان بەو کەسانەی کە داواکاری لەدواتر پێشکەش دەکەن تا ئەوکاتەی داواکارییەکەی لەدواتریان قبوڵ دەکرێت.

بەرگەنامەکە جگە لە زانیارییەکانی کەسی، بەرواری دەرچوون و مەودای کارایی و ژمارەی بیمەی کاتی و چاودێری تەندروستی بۆبیانییەکان ( پایپا - P.A.A.Y.P.A.) نیشان دەدات.

پێویستە هەمیشە بەرگەنامە ئۆرجیناڵەکەت پێبێت و بەتایبەتی لە هەر کاروبار و مامەڵەیەکت لەگەڵ فەرمانگەی پەنابەریدا، و بەتایبەتی لە ڕۆژی چاوپێکەوتنەکەدا. کۆپی وەرناگیرێت.

ئەگەر تا بەسەرچوونی بەڵگەنامەکە بڕیارت پێنەدراوە لەسەر داواکارییەکەت، پێویستە بەرگەنامەکە نوێ بکەیتەوە.

بۆ نوێکردنەوەی بەرگەنامەکەت پێویستە بەرگەنامە کۆنەکەت پێشکەش بکەیت.

تا ڕۆژی دواتری بەسەرچوونی بەرگەنامەکەت مۆڵەتت هەیە بۆ نوێکردنەوەی بەرگەنامەکەت. ئەگەر تا ڕۆژێک دوای بەسەرچوونی بەرگەنامەکەت، نوێی نەکەیتەوە ئەوا بەرگەنامەکەت کارایی نامێنێت و داواکارییەکەت دەوەستێت.

ئەگەر فەرمانگەی پەنابەری نەیتوانی بەرگەنامەکەت نوێ بکاتەوە بەهۆکاری تەکنیکی یان هۆکاری تری پەیوەست بە کارپێکردنی خزمەتگوزارییەکە، ئەوکاتە فەرمانگەی پەنابەری ئاگادارییەک لە ماڵپەڕەکەیدا بڵاودەکاتەوە بۆئەوەی خەڵک ئاگادار بکاتەوە. لەم حاڵەتەشدا بەرگەنامەکەت بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی نوێ دەبێتەوە.

**ڕاگەیاندنی لەدەستدانی بەرگەنامە:**

لە حاڵەتی لەدەستدان و ونبوونی بەرگەنامەکەت یان دزرانی، دەتوانیت داوای دەرچوواندنی بەرگەنامەی نوێ لە فەرمانگەی پەنابەری بکەیت.
فەرمانگەی پەنابەری پشتگیرییەکت پێدەدات کە تۆ داواکاریت پێشکەش کردووە بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی، کە تێیدا ئاماژە بە ژمارەی بەرگەنامەکەت دەکات. بەم پشتگیرییە دەچیتە پۆلیسی یۆنانی، لەوێ ڕاگەیاندنی لەدەستدانی بەرگەنامەکەت پێشکەش دەکەیت.
دوای وەرگرتنی ڕوونووسێکی پەسندکراو لە ڕاگەیاندنی لەدەستدانەکە، کە پێویستە پێشکەشی فەرمانگەی پەنابەری بکەیت و داواکاری بۆ بەرگەنامەی نوێ پێشکەش بکەیت. پێش تێپەڕبوونی لانیکەم دوو مانگ هیچ بەرگەنامەیەکی نوێ دەرناچێت.

## 5. ماف و ئەرکەکانت وەک داواخوازێک بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی

**ئـ) مافی داواخوازانی پاراستنی نێودەوڵەتی**

وەک پەناخواز/داواخواز بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی لە یۆنان، ئەم مافانەی خوارەوەت هەیە:

• بەرگەنامەی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتیت پێبدرێت بێبەرانبەر کە توانینی هاتوچۆی یاسایی دەبەخشێت لەناو وڵاتدا.
• لە یۆناندا بمێنیتەوە تا پشکنینی داواکارییەکەت تەواو دەبێت، و دیپۆرتکردنەوەت قەدەغەیە تا پشکنینی داواکارییەکەت تەواو دەبێت.
• کە بە ئازادی لە وڵاتدا هاتوچۆ بکەیت، مەگەر تەنها ئەو بەرگەنامەیەی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی کە وەرگیراوە بەشێکی دیاریکراو لە وڵات دەستنیشان بکات کە ڕێگەپێدراوە تێیدا هاتوچۆ بکەیت، واتە ئەگەر سنووردارکردنی جوگرافی هەبێت.
• ئاگادار بکرێیتەوە بەو زمانەی کە لێی تێدەگەیت سەبارەت بە پەرسەندنی داواکارییەکەت و سەبارەت بە مەودای وادەکان لە قۆناغە جیاوازەکانیدا، هەروەها سەبارەت بە مافی داوای تیاهەڵچوونەوە و بڕیارەکانی پەیوەست بەداواکارییەکەت.

• مافی وەرگێڕانی زارەکی بە خۆڕایی لە قۆناغە جیاوازەکانی داواکاری لە پلەی یەکەم و دووەم و بە تایبەتی لە کاتی چاوپێکەوتن لەبەردەم فەرمانگەی پەنابەریدا.

• مافی گەڕانەوەی خۆویستی بۆ وڵاتی ڕەچەڵەک.

• پەیوەندی بە کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بکەیت بۆ پەنابەران یان لەگەڵ ڕێکخراوێک کە پاڵپشتی یاسایی و پزیشکی و دەروونی پێشکەش دەکات.

• مافی وەرگرتنی هاوکارییە داراییەکان ئەگەر کار نەکەیت و سەرچاوە داراییەکانت بەس نەبێت بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانەت.

• مافی نیشتەجێبوون لە سەنتەری میوانداری یان شوێنی نیشتەجێبوونی تر (بەرنامەکانی نیشتەجێبوون لەماڵە تایبەتەکاندا یان لە هۆتێلەکاندا).

• مافی کارکردن بەپێی ئەو مەرجانەی کە یاسای یۆنان دیاری کردووە، دوای تێپەڕبوونی شەست (٦٠) ڕۆژ لە بەرواری تۆمارکردنی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی، و ئەگەر کارتی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتیت هەبێت.

• مافی دەرچوواندنی ژمارەی تۆماری باج (ΑΦΜ).

• هەمان ماف و پابەندییەکانی بیمەیی، وەک کرێکارانی هاووڵاتیانی یۆنان.

• مافی دەستڕاگەیشتن بە چاودێری پزیشکی و نەخۆشخانە لەگەڵ دابینکردنی ژمارەی بیمەی کاتی و چاودێری تەندروستی بۆ بیانییەکان ( پاپیا - Π.Α.Α.Υ.Π.Α.).

• مافی دەستڕاگەیشتن بە خوێندنی حکومی/گشتی بێبەرامبەر بۆ پەناخوازە ناکامەکان/قاسرەکان.
• مافی دەستڕاگەیشتن بە خوێندنی ناوەندی بۆ پەناخوازە پێگەیشتووەکان .
• مافی دەستڕاگەیشتن بە ڕاهێنانی پیشەیی.

**ب) ئەرکەکانی داواخوازانی پاراستنی نێودەوڵەتی**

وەک پەناخواز/داواخواز بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی لە یۆنان، ئەم ئەرکانەی خوارەوەت هەیە:

• پێشکەشکردنی داواکاری بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی ڕاستەوخۆ دوای هاتنە ناو یۆنان.

• هەمیشە بەرگەنامەی پەناخوازیت پێبێت. بەرگەنامەی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی، ناونیشانێکی کاتییە کە چەند ماف و ئەرکێکی دیاریکراو دابین دەکات، و هاوتای مۆڵەتی نیشتەجێبوون نییە.

• زۆر ئاگاداری نوێکردنەوەی بەرگەنامەکەت بە لە کاتی خۆیدا و پێش بەسەرچوونی، و لە درەنگترین وادەدا لە ڕۆژی دەوامکردنی ڕۆژی داهاتووی دوای بەسەرچوونی بەرگەنامەکەت.

• لە یۆنان بمێنیەوە تا پشکنینی داواکارییەکەت تەواو دەبێت. ناتوانیت بۆ دەرەوەی یۆنان گەشت بکەیت – جگە لە بارودۆخێکی تایبەتانە کە کاتێک هۆکاری ڕژدی مرۆیی سەرهەڵدەدەن و ئامادەبووبی تۆ لە وڵاتێکی دیکەدا دەسەپێنن وەک هۆکارێکی تەندروستی سەخت و ڕژدی سەلمێنراو. پێویستە داواکاری پێشکەش بە فەرمانگە بکەیت بۆ دەرچوواندنی بەڵگەنامەی گەشتکردن.

• هاوکاری لەگەڵ دەسەڵاتدارانی یۆنان بکە لە پێدانی زانیاری لەسەر هەر بابەتێک کە پەیوەندی بە داواکارییەکەتەوە هەبێت و پشتڕاستکردنەوەی وردەکارییەکانی ناسنامەکەت.

• ئامادە بیت لە فەرمانگەی پەنابەری بۆ چاوپێکەوتنی بەرنامە بۆ داڕێژراوەکەت.

• لە کاتی بانگهێشتکردندا، بەبێ دواکەوتن، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەبەردەم دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکاندا ئامادەبیت.

• بەڵگەنامەی گەشتکردنت (پاسپۆرت) ڕادەست بکە و هەر بەڵگەنامەیەکی تریش کە لەبەردەستتدایە و پەیوەندییان هەیە بە پشکنینی داواکارییەکەت، لەگەڵ ئەو بەڵگەنامانەی کە ناسنامەکەت پشتڕاست دەکەنەوە.

• دەستبەجێ فەرمانگەی پەنابەری ئاگادار بکەوە لە ناونیشانی نیشتەجێبوونت و ڕێگای پەیوەندیکردن لەگەڵتان، هەروەها ئەگەر هەر گۆڕانکارییەکیان بەسەردا بێت. دەتوانیت داواکاری ئەلیکترۆنی بۆ گۆڕینی زانیارییەکانی پەیوەندیکردن پێشکەش بکەیت. فەرمانگەی پەنابەری بەڵگەنامەکانی پەیوەست بە داواکارییەکەت لە ڕێگەی ئەو ناونیشانەی کە تۆ پێشکەشی دەکەیت (ئیمێڵ، ناونیشانی نیشتەجێبوون) بۆت دەنێرێت.

• وەرە بۆ فەرمانگەی پەنابەری بۆ تۆمارکردنی ئەو منداڵانەی لە یۆنان لەدایکبوونە لەپاش تۆمارکردنی داواکارییەکەت، و بڕوانامەی لەدایکبوونیان پێشکەش بکە.

• پابەند بیت بە وادەی دوا مۆڵەتەکان کە لەلایەن دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکانەوە بۆت دیاری دەکرێت لە قۆناغە جیاوازەکانی پرۆسەی پشکنینی داواکارییەکەتدا.

• باری دارایی ڕاستەقینەی خۆت مەشارەوە کاتێک یارمەتییەکان لە دەوڵەت وەردەگریت.

• لە حاڵەتی نیشتەجێبوون لە ناوەندی پێشوازی و ناسینەوە و خانەی میوانداری یان هەر شوێنێکی دیکەی نیشتەجێبوون، پابەندبوون بە ڕێساکانی کارپێکراو، و بەبێ ئاگادارکردنەوەی دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان ئەم شوێنانە بەجێ مەهێڵن.

• بۆ هەر داواکارییەکی دووەم یان لەدواتر، پێویستە پسوڵەیەک بە بەهای سێ سەد (300 یۆرۆ) لەگەڵ داواکارییەکەتدا پێشکەش بکەیت، کە لە ڕێگەی پرۆسەی پسولەی ئەلیکترۆنی (e-Παράβολο) ەوە دەدرێت. لە حاڵەتی خێزانێکدا، پێویستە بە جیا بۆ هەر ئەندامێکی خێزان بڕی ئەو پسولەیە بە یەکسانی پێشکەش بکرێت.

پێشێلکردنی ئەرکی هاوکاری لەگەڵ دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان وەک کە لە سەرەوە دیاری کراوە، بەتایبەتی پەیوەندی نەکردن لەگەڵ دەسەڵات و هاوکاری نەکردن لە دیاریکردنی ئەو بەڵگە و زانیارییە پێویستانەی بۆ پشکنینی داواکارییەکە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ڕێگریکردن لە تەواوکردنی پرۆسەی پشکنینی داواکارییەکە بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک، و لە ئەنجامدا ڕەتکردنەوەی داواکارییەکەی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

پێشێلکردنی ئەو ئەرک و پابەندبوونانەی سەرەوە دەبێتە هۆی پچڕان یان سنووردارکردنی ئەو یارمەتییە ماددیانەی کە وەریدەگریت (بۆ نموونە، دەرماڵە، نیشتەجێکردن و هتد).

## 6. گەڕانەوەی خۆویستی بۆ وڵاتی ڕەچەڵەک.

تۆ مافی ئەوەت هەیە ئەگەر بتەوێت بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی ڕەچەڵەکی خۆت دوای ئەوەی کە دەستبەرداری ڕێکاری پەنابەرییەکەت بوویت.
ئەو کەسانەی کە ئارەزووی گەڕانەوەی خۆویستیان ڕادەگەیەنن، ڕەوانەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ( (IOM) دەکرێن بۆ زانیاری زیاتر، و ڕێکارەکانی گەڕانەوەت بۆ وڵاتەکەت ئەنجام دەدات.

دەتوانن زانیاری زیاتر لەسەر پرۆگرامی گەڕانەوەی خۆبەخشانەی ( (IOM) لێرە بدۆزنەوە.

**لە کۆتاییدا ئاگادارت دەکەینەوە کە بۆ ناو شوێنەکانی فەرمانگەی پەنابەری قەدەغەیە هێنانە ژوورەوەی:**
**چەک، شتە تیژەکان یان شتێکی تر کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ بریندارکردن، ماددە تەقەمەنیەکان و ماددە سووتێنەرەکان، ماددە کیمیاییەکان و ماددە ژەهراویەکان.**